راڤە

## ڕەگەز ڕەشید هەفتانە دەینووسێت



2

# مووچەدان ئاسوودەیی دروست ناکات

له‌ ژماره‌ 303ی ڕۆژنامه‌ی هه‌ولێر، دوو هه‌واڵ سه‌رنجیان ڕاکێشام، یه‌که‌میان له‌ لاپه‌ڕه‌ 5 دا و له‌ ژێر ناوی (ڕه‌نگه‌ له‌ سلێمانی مووچه‌ی بێکاران بدرێت) ئه‌گه‌ری پێدانی مووچه‌ی بێکاران خراوه‌ته‌ ڕوو. ئه‌وی تریشیان له‌ لاپه‌ڕه‌ 13داو له‌ به‌دواداچوونێکدا له‌سه‌ر ڕێژه‌ی مووچه‌ خۆران له‌ هه‌رێمی كوردستان و مامه‌ڵه‌ی بانكی نێوده‌وڵه‌تی له‌گه‌ڵ حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان، هاتووه‌ كه‌ له‌ كوردستان زیاتر له‌ یه‌ك ملیۆن مووچه‌ خۆر هه‌ن و 48٪فه‌رمانبه‌ری هه‌رێمی كوردستان له‌ بڕوانامه‌ی سه‌ره‌تایی و به‌ره‌و خواره‌وه‌یان هه‌یه‌و 14٪یشی نه‌خوێنده‌وارن.

ڕه‌نگه‌ یه‌كه‌مجار نه‌بێت، ئه‌و جۆره‌ هه‌واڵ و به‌دواداچوونه‌ ترسناكانه‌ له‌ میدیاكان بخوێنینه‌وه‌، لێ ڕه‌نگه‌ قسه‌كردن له‌سه‌ر ئه‌و پرسه‌ یه‌كجار گرنگ بێت. به‌ تایبه‌ت له‌و كاته‌دا كه‌ قسه‌كردن له‌سه‌ر وه‌به‌رهێنان و هاتنی كۆمپانیا بیانیه‌كان له‌لایه‌ك و گفتوگۆی ته‌مبه‌ڵ بوونی هاوڵاتیان و گه‌نده‌ڵی دامووده‌سگاكانی حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان به‌شێكی گه‌وره‌ی میدیاكانی پێكهێناوه‌.

له‌وه‌ش سه‌یرتر ئه‌و ڕێژه‌ خه‌یاڵیه‌ له‌ مووچه‌خۆر و ئه‌و سیستییه‌ له‌ به‌ڕێوه‌بردنی دامووده‌سگاكانی ئێمه‌، خۆی پرسیارێكی جه‌ده‌لیه‌و ده‌رئه‌نجامه‌كه‌ی ترسناكه‌. ئاخر ئه‌گه‌ر به‌ڕاستی ئه‌و هه‌موو مووچه‌ خۆره‌ له‌و وڵاته‌ ئیش ده‌كات، بۆ حاڵی دامووده‌سگاكانی ئێمه‌ وا لێڵه‌.. بۆ كه‌ كارێكت ده‌كه‌وێته‌ ئه‌و دامو ده‌سگایانه‌ تا ده‌تگرێ؟

به‌ڕای من ئه‌وه‌ به‌ ته‌نها حكومه‌ته‌كه‌ی ئێمه‌یه‌ پاره‌ بێبه‌رامبه‌ر ده‌داته‌ خه‌ڵكی و تاكه‌ هۆكارێكیشه‌ بۆ درووست بوونی ته‌مبه‌ڵی. ئه‌وه‌ به‌ته‌نها حكومه‌ته‌كه‌ی ئێمه‌یه‌ له‌لایه‌ك بانگه‌شه‌ی وه‌به‌رهێنان ده‌كات و له‌لایكی دیكه‌ش مووچه‌ بۆ بێكاران ده‌بڕێته‌وه‌. ئه‌وه‌ به‌ته‌نها حكومه‌ته‌كه‌ی ئێمه‌یه‌، له‌لایه‌ك پاگه‌نده‌ی به‌رزكردنه‌وه‌ی ئاستی وه‌به‌رهێنان و هانی كۆمپانیاو كارگه‌كان ده‌داو له‌لایه‌كی تریش خه‌می ڕازی كردنی هاوڵاتیان به‌ڕۆكی به‌رناداو ناتوانێت بڵێت نا.

ڕه‌نگه‌ هۆكاره‌كانی زۆری ئه‌و هه‌موو مووچه‌ خۆره‌ ڕۆشن بێت، ئه‌میش له‌ ئه‌نجامی ئه‌و ملمڵانیه‌ حزبییه‌ بووبێت، كه‌ به‌ سه‌خترین قۆناخه‌ ناشیرینییه‌كانی ملمڵانێ تێپه‌ڕی كرد، دامه‌زراندی خه‌ڵكی بێپرسیاری مه‌عرفی و پیشه‌یی، بێگوێ دان به‌ دواڕۆژی كار و

بەڕێوەبردن، یەکێك بوویێت لەو ململانێ ناشیرنانەی حزب، ( بەڕای من ئەگەر کوشتنی لێدەربچێت، هیچی لە شەڕی براکوژی کەمتر نییە).

نموونەی مامەڵە نەکردنی بانکی نێودەوڵەتی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، نموونەیەکی هێندە دیارو ئاشکرایە، کە پێمان دەڵێت (بەراستی تاقەتی وەبەرهێنانتان نییە). بەو واتاییەی کاتێك بانکی نێو دەوڵەتی فشار دەخاتە سەر حکومەتی هەرێم لە کەمکردنەوەی مووچە خۆرەکان (کە گومان هەیە لە رەچەڵەکدا بتوانێت مامەڵە لە گەڵ حکومەتێك بکات کە ژمارەی دانیشتوانی ناگاتە پێنج ملیۆن کەس، کەچی زیاتر لەیەك ملیۆنی مووچە لە حکومەت وەربگرێت).، بەڕای ئێمە ئەمەیان مەسجێکی ئاشکرایە، بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەوەی بەراستی هێندەی خەمی رازی کردنی تاکەکانی هەیە، کەمتر خەمی وەبەرهێنانی هەیە.

خۆرزگارکردن لەو گرفتە، پێویستی بە بوێری حکومەت هەیە، بوێریەك لە دانپیانانەوە دەست پێبکات و شەرم نەکات و بڵێت (دامەزراندی ئەو هەموو مووچە خۆرە، هەڵەیەکی زەق بووەو پێمان وابووە رەچاوکردنی حزب گرنگتر بووە لە بایەخی حکومەت)، دواتریش بەڕاستی لەدەرەوەی رازی کردنی ئەم و ئەویتر جورئەتی ئەوەی هەبێت بڕیار بۆ چاکسازی ئەو گرفتە بدات، ئەمیش ئەگەر مافی حکومەت نەبێت لە دەرکردن و نان بڕکردنی خەڵکی، خۆ مافی ئەوەی هەیە راگواستنەوە بۆ مووچە خۆرە بێکارەکان لە دام و دەسگای حکومی بۆ کۆمپانییە وەبەرهێنانەکان بکات (کە بەپێی هەمان بەدواداچوونی رۆژنامەی هەولێر 250هەزار کارمەندی بێکاری داپۆشراو لە دامودەسگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەن). ئەمە جگە لەژمارەیکی زۆری کارمەند و کەمی کار. بەڵام ئەوەشمان بیر نەچێت لێرەوە ئەرکی حکومەت زێتر دەبێت، ئەمیش بە کردنەوەی کارگە و کۆمپانیای جۆراو جۆر، چونکە بێ بیر کردنەوە لە درووست کردنی ئەو شوێنانە، چاکسازی ئەستەمتر دەبێت.

r_ragaz@yahoo.com